

شیرین کافی

## نیشتمانم

ئەی نیشتمان کام ئازارەت بە خوێن و دڵ بنووسمەوە
لە کام پارچەی جەرگمەوە دەستپێبکەم
لە ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا هەر ئازارە و دێتەوە سوێ
کەزیەکانی کام کیژۆڵەت بهۆنمەوە
هەڵەبجە، شەنگال، کوبانی یاخود ئەنفال
ئەی نیشتمانە بێنازەکەم
کام ئازارەت بنووسمەوە
ئازاری جەرگسوتانی دایکان قژڕنینی خوشکە ڕەشپۆشەکان
پشتچەمانی باوکان
پاکیزەیی فرۆشراوی کیژەکان
چاوەڕوانی دایکە ڕەشپۆشەکان لە بەرهەیوان و سەرکۆڵان
کام ئازارەت بنووسمەوە ئەی نیشتمان
ئازاری ئەو زارۆکەی لە پشتی زیلا چاوی بە ژیان هەڵهێنا
ئەو دایکەی لە ژێر داوێنی کراسە ڕەشەدڕاوەکەی دا
لاوەتازە پێگەیشتوەکەی لە ترسی ئەنفال چییەکان حەشاردا
ناڵە و گریانی ئەو تازەبووکەی کەهێشتا لە خەوی قووڵ دابوو

بە دەنگی هاواری سورەتی ئەنفال لە خەو ڕابوو

کام ئازارەت بنووسمەوە

ئەی نیشتمانە ماندوەکەم

ئازاری ئەو زارۆکەی لە ئاگربارانی گەرمای نوگرەسەلماندا

بۆ قومێك ئاو زەرد هەڵگەڕا

ئەو ساوایەی بۆ قومێ شیر ناڵەی دەگەیشتە دیوانی خوا

ئەو خودایەی بێ دەنگ بێ دەنگ

لە سوێی ئەم ئازارە ڕاما

کام ئازارەت بنووسمەوە ئەی نیشتمانە فرۆشراوەکەم

ئازاری ئەو دایکەی زارۆکەکەی بە مردوویی

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ئامێزی نەکردەوە

لەگرتوخانەی نوگرەسەلماندا

ئەی نیشتمان کام ئازارەت بنووسمەوە

ئازاری ئەو ژنەی بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک

بە ئازاری لە دایکبوونی کۆرپەکەیەوە ناڵاندی

لە ژوورێکی تەڕ و تاریك و شێداردا

دوای ئەوەی کە گیانی سپارد جەندرمەکان

کردیانە خۆراکی سەگەڕەشەکانی

دەورووبەری گرتووخانەی نوگرەسەلمان

ئازاری ئەو باوکە پیرەی

بە پێڵاوە لاستیکەکانی

ئاوی گەرمی ئەو تەنکەرەی دەخواردەوە

ئەو دایکانەی ژەمەخۆراکەکانیان نەدەخوارد

تا منداڵەکانیان بژین

ئەو لاوانەی ڕیزکرابوون بۆ مەرگ

ئەو ژن ومنداڵانەی چاوەڕوان بوون

نوکی شۆفڵ گۆڕی بەکۆمەڵیان بۆ هەڵکەنێ

ئەی نیشتمان کام ئازارەت بنووسمەوە

ئازاری دوای نەمانی ئەو جەلادانە

یان ئەو ئازارەی کە نشتمان پڕ کراوە لە خیانەت

دایکی شەهیدان لەسەر شەقام

بۆ لەتێکنان هەڵدەلەرزن

بۆ ئەو ژنە شەهیدانەی بۆ قوتی مناڵەکانیان

سوکایەتیان پێدەکرێ

ئەی نشتمان تەنها دەڵێم خەجاڵەت بن

گەنج و پیرو جوان و لاومان بوونە خۆراکی

نەهەنگەکانی دەریای ئیجە

ئەی نشتمان

هەناسەی سارد هەڵدەکێشم لەگەڵ دایکی شەهیداندا.

شیرین کافی

٢٠٢١/٤/٢١